


# سی و پێنجەمین فێستیڤاڵی سینەمایی کان

**گابریل گارسیا مارکیز**
**لە فارسییەوە: مەریوان هەڵەبجەیی**

نزیکەی دوو هەزار وێنەگر کە هاتبوون بۆ سی و پێنجەمین فێستیڤاڵی سینەمایی شاری کان، ئیدی بە دوای ئەکتەرە مێردمنداڵەکاندا نەدەگەڕان. نەخێر، ئێستا ئیدی هەموو ڕۆخی دەریای باشووری فەرەنسا پڕە لەو ژنانەی، کە خۆیان داوەتە بەر خۆر. سەرنجی هەموان تەنها لەسەر فیلمەکان نییە. ئەو فیلمانەی هەموو ڕۆژێک لە بیست هۆڵی سینەمادا بۆ ماوەی دوو هەفتە بەدوای یەکدا نمایش دەکرێن، چل و دوو

فیلم. پێشتر ئەکتەرەکانی هەر فیلمێک، لە پاش نمایشکردنی فیلمەکەیان لەسەر تەختەی شانۆی هۆڵە سینەماییەکە دەردەکەوتن. کەس نەیدەوێرا لە دژی ژنێکی جوان فیکە لێبدات و شەقاوەیی بنوێنێت. ڕەنگە تەنیا نەڕاندنێک کە لەم بازاڕە گەڕۆکە جیهانییەدا بەرگوێ کەوتووە، هەمان ئەو نەڕەیەیە، کە سێ ساڵ لەمەوپێش (جۆنی وایس مولەر) (بەناوبانگترین تەرەزانی سینەمایی ١٩٠٤-١٩٨٤ز) بێت. هاتبوو بۆ فێستیڤاڵەکە بۆ ئەوەی خۆڵەمێشی تەرەزانی گەنجێتیی خۆی کۆبکاتەوە، پێش ئەوەی بۆ ئەبەد لە تاریکیی نەخۆشخانەی دەروونیدا دیار نەمێنێت. ئێستا با هەموو ئەم پرسانەی لەگەڵ خۆیدا بردووە. ئەمساڵ تەنیا کەسانێک کە لە شەوی کردنەوەی فێستیڤاڵەکەدا پێیان خستە سەر تەختەی شانۆ، گروپێک پیاو بوون. پیاوانێکی عاقڵی شەرمن و ناشرین، کە تەنیا چەند کەسێک توانییان بیانناسن، لەبەر ئەوەی هەمیشە لە پشت کامێرای وێنەگرتنەوە بوون. دیارە بەدەر لە یەکێکیان، ژاک تاتی (دەرهێنەر و ئەکتەر ١٩٠٨-١٩٨٢ز)، کە یاریدەدەری دەرهێنەر، ئەکتەری فیلمەکانی خۆیشیەتی. چەند کەسێک لە دەرهێنەرە گەورەکان هەبوون، کە ئەمساڵ فێستیڤاڵ ڕێزلێنانی بۆ کردن. دەرهێنەری ئەمریکی جۆزیف لۆزی (١٩٠٩- ١٩٨٤ز)، دەرهێنەری نەمسایی بیلی وارد (دەرهێنەری ئەمریکی لەدایکبووی نەمسا ١٩٠٦- ٢٠٠٢ ز)، میکس یانسکۆ (١٩٢١ز)، دەرهێنەری مەجەری و دەرهێنەری یابانی، ئاکیرا کورۆساوا (١٩١٠-١٩٩٨ز)، دەرهێنەری ئیتاڵی مایکڵ ئەنجیلۆ ئەنتۆنیۆنی (١٩٢٢- ٢٠٠٧ز)، هەریەکێک لەمانە ڕاستەوخۆ وتەیەکی کورتیان پێشکەش کرد. وتەیەکی زۆر کورت و خۆش، هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی فێستیڤاڵەکە کەشێکی شاد و نوێ بە خۆیەوە بگرێت. مایکڵ ئەنجلۆ ئەنتۆنیۆنی گێڕایەوە کە یەکێک لە لایەنگرانی لەسەر شەقامدا ڕێگەی پێ گرتووە و پێی وتووە: (فیلمەکانی تۆ بوونەتە هۆی گەشەکردنی من) زۆر بووبووە هۆی سەرسوڕمانی ئەنتۆنیونی، چونکە ئەو پیاوەی کە ئەو ڕستەیەی بە ئەو وتبوو، تەنیا مەترێک و چل سانتیمەتر باڵای بوو.

ساڵەهای ساڵ فێستیڤاڵ هەمیشە حسابی بۆ (ئەستێرەکان) کردبوو، ئێستا دۆخەکە جیاوازە. یەکێک لە ڕەخنەگرتن وتبووی: (ئێستا هەموان دەزانن ئەکتەرێک تەنیا داواکارییەکانی دەرهێنەر لە بەردەم کامێرادا پێشکەش دەکات.)

جیرالدین چاپلین، کچی چارلی چاپلین کە ژنێکی زۆر تێگەیشتوو و ئەکتەرێکی زۆر لێهاتوو و باشە، بڕوای وایە بەمشێوەیە هەموو شتێک بۆ خودی ئەکتەر باشتریش دەبێت. لە کۆتایی یەکێک لە کۆبوونەوەکانی دەستەی داوەراندا بە منی وت: (بەمجۆرە ناچار نابین هەموو شتێک فێربین و لەبەری بکەین.) هەردووکمان ئەندامی دەستەی داوەران بووین. (دواجار خۆمان فیلمنامەکان دەنووسین و خۆیشمان دەرهێنانیان بۆ دەکەین.) لەبارەی ئەوەوە بە دڵنیاییەوە ڕاستە، چونکە باوکی خۆی موزیکی فیلمەکانیشی دادەنا.

سروشتی بوو کە فێستیڤاڵ دەبوو بە فیلمێک دەست پێبکات لە مەزنترین فیلمەکانی مێژووی سینەما. فیلمی (دەمارگیری) لە دەرهێنانی (دیڤید وارک گریفیس، بەرهەمهێنەر و دەرهێنەری ئەمریکی ١٨٧٥ — ١٩٤٨). ئەم فیلمە ساڵی (١٩١٦) دروستکرا. شەوێک بوو هەرگیز لەبیر ناکرێت، ڕێزلێنان بوو لەو بەرهەمهێنەر و دەرهێنەرەی کە

ساڵی (١٩١٦) دوو ملیۆن دۆلاری ئەو سەردەمەی خەرجکردبوو بۆ ئەو فیلمە، فیلمێک کە لە زۆربەی فیلمەکانی ئەمڕۆش مۆدێرنتر دێتە بەرچاو. کاتی سەرەتایی ئەو فیلمە هەشت کاتژمێری پێدرابوو. هەموو ڕۆژێک دەبوو ئەسپەکان و فیلەکان بۆ بابلی کۆن و لە ستۆدیۆیەکدا کە دروستیان کردبوو، بە هەر لایەکدا ڕاتکێشایە و بتبردایە و ناچار بووبوون بۆ ئەو کارەش لەوێدا سکەیەکی شەمەندەفەر دروست بکەن. لەگەڵ هەموو ئەم بارودۆخەشدا یەکەمین نیشاندانی ئەم فیلمە لە سینەمایەکی نیۆیۆرکدا تووشی چارەنووسی جەژنی بەهاری (بالت) بەرهەمی (ستراڤنسکی — موزیسیانی ڕووسی- ١٨٨٢- ١٩٧١) گرفتار بوو. بە یەکەمین شکستی سینەمایی دادەنرێت.

لیلیان ڤیش (١٨٩٦- ١٩٩٣) ئەکتەری ئەمریکی، کە لە هەر بەشێکی ئەو فیلمەدا ڕۆڵی دایکێک دەبینێت کە لانکەی منداڵەکە ڕادەژەنێت. ئێستا تەمەنی هەشتاو پێنج ساڵە. چەند ڕۆژ لەمەوپێش خانمی (کاترین لاپورت) پەیامنێری فەڕەنسی، گفتوگۆیەکی لە ماڵەکەی و لە نیۆیۆرک ئەنجام دابوو. دەیوت یادەوەریی ئەو هێشتا وەک خۆی ماوەتەوە و بە باشی کار دەکات. نووسیبووی: (پێستی دەموچاوی هێشتا ناسک و جوانە. لێوەکانی لە شێوەی دڵێکدا سوراو کردووە و خەنەشی داوە لە پرچەکانی و وەک سەردەمی خۆی لولی کردووە. لە ئەودا سەرنجڕاکێشییەکی بەسەرچوو دەبینرێت. گەرچی کەس ئەوە بە بەسەرچوو دانانێت). لە ئاکامدا ڕەنگە لیلیانگیش دەیتوانی خۆی بێت بۆ فێستیڤاڵەکەدا و هەموان لە (دڵتەنگی) ڕزگار بکات. بەهەرحاڵ ئەو هەموو ڕێزلێنانەیان بۆ پیانۆژنی ئەو فیلمە بەڕێوەبرد. ستانلی کیلبورنی تەمەن هەشتاو حەوت ساڵ، کە پیانۆی لە فیلمەکەدا ژەندووە، نەریتی فیلمە بێدەنگەکان بەو جۆرە بووە، کە بۆ نمایشی پاشنیوەڕۆ سێ سەعات پیانۆی ژەندووە و سێ سەعاتی تریش بۆ نمایشی شەوانەی فیلمەکە بە بێ ساتێک وەستان، ڕێک وەک ئەو کاتەی کە لە تەمەنی شانزە ساڵیدا پیانۆی بۆ فیلمەکە ژەندبوو. کەسایەتییەکی تر کە ناوی ئەو تا ئەبەد لەم فێستیڤاڵەدا دەمێنێتەوە (ئێستا لە بڕیاری کۆتاییدا هەر چارەنووسێکیشی هەبێت) فیلمسازی تورک، (فیلمسازی کورد.و) یەڵماز گونەیە، کە لە بەندیخانەی (کایس یەری) تورکیاوە فیلمنامەکەی نووسیوە و کاری دەرهێنانی بۆ کردووە. ئەو فیلمەی لە کۆتایی هەفتەدا لە فیلمەکانی تر زیاتر بووە جێگەی سەرنج و بایەخی پێدرا: «یۆڵ». نیگەتیڤەکانی فیلمەکە بە قاچاخی گەیەنراوەتە سویسرا و پاشانیش ناردبوویان بۆ فەڕەنسا. ئەو جێگەیەی یەڵماز گونەی کە کارەکەی خۆی کۆتایی پێهێنابوو. چل و پێنج ساڵ تەمەنێتی. بەهۆی چالاکیی سیاسییەوە حوکمی بەسەردا دراوە و لە بەندیخانەدا بووە. مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی ڕابردوو لە بەندیخانە هەڵهاتووە و بەبێ ئەوەی هیچ شوێنپێیەک لە دوای خۆی بەجێ بهێڵێت دیار نەمابوو. ئەو شەوەی کە فیلمەکەی ئەویان لە فێستیڤاڵی کان نیشان دەدا، بەبێ ئەوەی لە پێشترەوە هیچ جۆرە ئاگادارکردنەوەیەک یان ڕاگەیاندنێکی لەبارەی ئامادەبوونییەوە ڕاگەیاندبێت، لەژێر پرۆجکتۆرەکانی بینای سینەماکەدا دەرکەوت. فەروە لەبەر، ملپێچێکی ئاوریشمی لەملدا و قژی کە زەردی کردبوو، ڕێک وەک یەکێک لە بینەرانی پلەبەرز، هەروەک بڵێی هیچ نەبووە، دەرکەوت. هەر لەو کاتەدا گروپێک لە تورکەکان کە دەموچاوی

کەسایەتییەکی تر کە ناوی ئەو تا ئەبەد لەم فێستیڤاڵەدا دەمێنێتەوە (ئێستا لە بڕیاری کۆتاییدا هەر چارەنووسێکیشی هەبێت) فیلمسازی تورک، (فیلمسازی کورد.و) یەڵماز گونەیە، کە لە بەندیخانەی (کایس یەری) تورکیاوە فیلمنامەکەی نووسیوە و کاری دەرهێنانی بۆ کردووە. ئەو فیلمەی لە کۆتایی هەفتەدا لە فیلمەکانی تر زیاتر بووە جێگەی سەرنج و بایەخی پێدرا: «یۆڵ»

خۆیان داپۆشیبوو، لە بەردەم هۆڵی نمایشی فیلمەکاندا خۆپیشاندانیان دەکرد و دروشمگەلێکیان دەدا و هاواریان دەکرد لە دژی سوپای تورکیا، کە لێی تێ نەدەگەیشتیت. دوو ڕۆژ دواتر دەوڵەتی تورکیا داوای لە دەوڵەتی فەڕەنسا کرد یەڵماز گونەی ڕادەستی ئەوان بکاتەوە.

بەهەرحاڵ هەر ئەو کەسەی کە لە شەوی دەستپێکردنی فێستیڤاڵەکە سەرنجی پەیامنێران و وێنەگرانی بۆخۆی ڕاکێشابوو، (جاک لانگ)ی وەزیری کولتور و هونەری فەڕەنسا بوو. پیاوێکی تەمەن چل و دوو ساڵ، کە پێشتر ئەکتەری شانۆ بوو. بە قژێکی شێواو و خۆشحاڵ وەک شێتەکان، تەنانەت چاکەتێکی کرێی لەبەردابوو. لەگەڵ ئەوەشدا کە بووە بە وەزیر، هێشتا هەروەکو پێشتری وایە، زۆر خۆمانە و کەیفخۆش. بەردەوام لە حاڵەتی چالاکیی هونەریدایە.

لەو کاتەوەی کە ئەم فێستیڤاڵە هەبووە، پۆشینی ئیسموکینگ بەزۆر بووە، هەرگیزیش لە هۆکارەکەی تێنەگەیشتم، تا ئەو جێگەیەی دەزانم ئەم چاکەتە ناشیرینە پیاوانی ئینگلیزی لەبەریان دەکرد بۆ ئەوەی بڕۆنە ژوورێکی تر و جگەرە بکێشن. هەر لەو کاری جگەرەکێشانەوە ئەم ناوەشیان لەسەر دانا. ئەوەیان دەپۆشی بۆ ئەوەی بە دووکەڵی جگەرەکە شوێنەکانی تری ماڵەکە پیس نەکەن و سەرەڕای ئەوەش جلوبەرگە باشەکانیان تێک نەچێت. بە کورتییەکەی ڕێک بە پێچەوانەی سەردەمی ئێمەوە. هەرگیز لەبەرم نەکردووە و لەبەریشی ناکەم نەک لەبەر ئەوەی کە ناشیرینە. هۆکارەکانی من ڕەگوڕیشەی قوڵتری هەیە. تەمەنم هەشت ساڵ بوو لە شاری (ئاراکاتاکا) لە ڕۆژنامەیەکدا وێنەی جەستەی مۆمیاکراوی سەرۆک کۆماری پێشووی کوبام دیبوو، کە لە شاری ڕۆما مردبوو، چەند ڕۆژێک تەرمەکەیان لە هۆڵی شارەوانیی ئەو شارە دانابوو، بۆ ئەوەی خەڵکی بۆ ڕێزلێنان بڕۆن بۆ سەیرکردنی. ئەو شتەی منی ترساندبوو ئەوەبوو، کە جلوبەرگی فەرمییان کردبووە بەری. لەوە بەدوا هەمیشە وام دەزانی ئەم جلوبەرگە فەرمییانە تەنیا بۆ نیشاندانی مردووە بەناوبانگەکانە. ئەم بۆچوونە بۆ من وەک باوەڕێکی خورافیی لێهاتووە. لە ئەنجامدا من تەنیا ئەندامی دەستەی داوەرانی فێستیڤاڵەکە بووم، کە دابونەریتەکەم تێکشکاند و لەبەرچاوم نەگرت. ئیسموکینگم نەپۆشی.

جاک لانگ ڕەنگە تەنانەت بە بێ ئەوەی بە ئەنقەست ویستبێتی لەم شۆڕشە یەک کەسییەدا زۆر هاوکاریی منی کرد. لە شەوی دەستپێکردنی فێستیڤاڵەکەدا و لە کۆشکی سینەمادا، ئیسمۆکینگی پۆشیبوو، لەبەر ئەوەی وەزیرێک هیچ ڕێگەچارەیەکی تری نییە، بەڵام لە شەوی دواترەوە، لە پاش ڕۆیشتن و گەڕانەوەیەکی خێرا بۆ پاریس، بە بیانووی دەرفەتی ئەوەی نەبووە جلوبەرگەکانی بگۆڕێت، بە بلوجینێک و فانیلەیەکی پولیڤەری سوورەوە هاتە ژوورەوە. ڕێک هەر بەو جۆرە جلوبەرگی لەبەرکردبوو، کە لە مەکسیک دیبووم و ئاشنابووبووم لەگەڵیدا. ئەو کاتەی کە بەڕێوەبەری فێستیڤاڵی شانۆیی شاری نانسی بوو. ئەم کارەی کە بەدڵنیاییەوە زۆر گونجاو بوو، لە فێستیڤاڵێکدا کە هەمیشە زۆر فەرمی بوو، وەک شنەیەکی سروشتی هەڵی کرد.

**٢٦ ی مایسی ١٩٨٢**